# جیهانی سێیەم

قۆناغی چوارەم/ لقی گشتی

مامۆستای بابەت

د. قارەمان حیدر نانەکەلی
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر

# جیهانی سێیەم و تایبەتمەندییەکانی

**<u>دەستەواژەی جیهانی سێیەم:-</u>**

جیهانی سێیەم، ئەو دەستەواژەیە کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەری فەرەنسی (ئەلفرد سوفی) لە نووسینی پێشەکی کتێبەکەیدا بەناونیشانی (جیهانی سێیەم) بەکارهاتووە. نووسەر لە دۆزینەوەی ئەوم ناوەدا، سوودی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی فەرەنسی وەرگرتووە بەر لە شۆرشی فەرەنسی کە دابەشی سەر سێ چین ببون، چینی سێیەم کە چینی گشتی خەڵکی فەرەنسا بوو، هیچ دەسەڵاتی نەبوو. وەک وێنەیەک وەرگرتووە بۆ گوزارشت کردن لەم ولاتانەی کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ، توانیان لە ژێر دەستی ئیستعمار رزگاریان بێ و سەربەخۆیی بەدەست بێنن.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە جیهان بەگشتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دابەشی سەر سێ بەش و کۆمەڵە بوو:

**<u>کۆمەڵەی یەکەم:</u>** بریتی بوون لە وڵاتانی کوتلەی سەرمایەداری، کە پێکهاتبوون لە ئەمریکا و ولاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا. ئەمانە بە (جیهانی یەکەم) ناسراون.

**<u>کۆمەڵەی دووەم:</u>** بریتین لە وڵاتە ئیشتراکیە شوعییەکان. وەک یەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا. ئەمانە بە (جیهانی دووەم) ناسراون.

**<u>کۆمەڵەی سێیەم:</u>** بریتین لەم وڵاتانەی بێ لایەن بوون لە بەرامبەر هەردوو کۆمەڵە لە جەنگی سارد، کە دەکەونە کیشوەرەکانی (ئاسیا) و (ئەفریقیا) و (ئەمریکای لاتینی).

## ڕەهەندەکانی جیهانی سێیەم:

دەستەواژەی جیهانی سێیەم ، پێنچ ڕەهەندی هەیە کە ئەمانەن:

### یەکەم: ڕەهەندی مێژوویی:

ئاشکرایە کە خاکی جیهانی سێیەم، کۆنترین شارستانی تێدا لەدایک بووە کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی. لەسەر ئەو خاکەدا مەزنترین دەستکەوتی مرۆڤی کۆن لە هەموو بوارەکانی ژیان دروست بووە. شارستانیەتێکی مەزن هەیە کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، لە کیشوەری ئاسیا دۆزراوەتەوە. هەروەها ئەو پەیوەندییانە دۆزرانەوە کە کەشتیوانە ئەروپییەکان لەسەدەی ناوەراست لەسەر کیشوەری ئەفریقیا دۆزیانەوە. سەرباری بوونی شارستانەتی (نیل) لەو کیشوەرە. هەروەها دۆزەرەوە ئیسپانییەکان تووشی سەرسورمان بوون لە جوانی پەرستگا و کۆشک و تەلارەکانی دانیشتوانە ناوخۆییەکانی کیشوەری ئەمریکای لاتینی دروستیان کردبوو. سەرباری ئەوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەدەی (١٥) لەژێر دەستی ئیستعماری ئەورووپی بوون، بەڵام خەباتیان کرد لە پێناو بەدەستهێنانەوەی ئازادیان و چونە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە قۆناگێکی شۆرشگێری تێپەڕێ لەهەموو لایەنەکاندا.

### دووەم: ڕەهەندی جوگرافی:

هەندێک پێیان وایە کە دەستەواژەی جیهانی سێیەم، دەستەواژەیەکی جوگرافییە، لەبەرئەوەی وڵاتانی کیشوەری (ئاسیا) و (ئەفریقیا) و (ئەمریکای لاتینی) دەگرێتەوە. واتە بە مانایەکی دیکە هێج پابەندبونێکی ئایدۆلۆژی سیاسی و پلەیەکی پیشکەوتنی ئابووری تێدا نیە. ئەم نووسەرانە، بازنەی (سەرەتان) وەک خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ولاتانی جیهانی سێیەم و ولاتانی سەرمایەداری و ئیشتراکی دەستنیشان دەکەن. بەجۆرێک وڵاتانی جیهانی سێیەم دەکەونە دەوروبەر و باشووری خولگەی(سەرەتان)، بەپێچەوانەوە وڵاتانی سەرمایەداری و ئیشتراکی دەکەونە خولگەی باکوور. بۆیە ئەم

نووسەرانە پێیان وایە کەشوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر پیشکەوتنی وڵاتان و دواکەوتنیان. بەجۆرێک کەشوهەوای گونجاو و مام ناوەندی و سارد، دەبێتە هۆی پیشکەوتنی وڵاتان. بەلام کەشوهەوای گۆراو، دەبێتە هۆی ئەوەی خاک هەژاربێ. هاوکات نەخۆشی زیاتر لە ناوچە گەرمەکان بڵاودەبێتەوە ، بەپیچەوانەی ناوچە ساردەکان یان مام ناوەندەکان. سەرباری ئەوەی گەرمی وادەکات چالاکی مرۆڤ خاوبێ، بەهۆی ئاستنەگەکانی سروشت و لایەنی دەروونی.

**سێیەم: رەهەندی سیاسی:**

نووسەرانی ئەم بوارە پێیان وایە دەستەواژەی جیهانی سێیەم، ئەم وڵاتانە دەگرێتەوە، کە لەرووی سیاسی و ئایدۆلۆژی جیاوازن لەگەڵ ولاتانی سەرمایەداری و ئیشتراکی. لەم سۆنگەوە یەکێل لە بیرمەندان بەناوی (جین مالکنون) لە فەرهەنگی سیاسی خۆیدا دەڵێت:" جیهانی سێیەم، بریتییە لە کۆمەلێک لەم وڵاتانەی دەکەونە نێوان هەردوو جیهانی سەرمایەداری و ئیشتراکی.

**چوارەم: رەهەندی ئابووری:**

نووسەرانی ئەم بوارە، دەرکەوتنی دەستەواژەی جیهانی سێیەم دەگەڕێننەوە بۆ رەهەندی ئابووری. ئەو جیهانە چەندین وڵاتی لەخۆ گرتووە کە لەڕووی ئابوورییەوە لە یەکتری جیاوازن . ئەمانە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بەدیار کەوتن.

نووسەری فەرەنسی (ئیفت لاکوست) لە کتێبی ( جوگرافیای ولاتانی دواکەوتوو) دەستەواژەی دواکەوتنی دیاریکردوە. بۆیە دەلێ وڵاتانی دواکەوتوو. ئەم سێ تایبەتمەندییەیان هەیە:

1 – کەمی خۆراکی پێویست بۆ تاک
2 – لاوازی کەرتی کشتوکاڵی
3 – لاوازی داهاتی تاک و گوزەران
4 – بەرهەمهێنانی سنووردار یان لاوازی بەرهەم هێنان.

5- بەکارهێنانی کەمی ووزە
6- دۆخی پاشکۆیەتی ئابووری
7- کەرتی بارزگانی شێواو بۆ گەشەکردن
8- پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی دواکەوتوو
9- لاوازی گەشەکردنی چینی ناوەراست
10- لاوازی ئاستی خوێندەواری
11- بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرەکانی بێکاری
12- خراپی بارودۆخی تەندروستی
13- لاوازی تێکەڵبوونی نەتەوەیی

**پێنجەم: رەهەندی کۆمەڵایەتی:**

جیهانی سێیەم، نزیکەی ٧٠% دانیشتوانی جیهان پیک دەهێنێ. هەلسەنگاندنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٨٠ ئاماژە بەوە دەکات کە دانیشتوانەکانی ولاتانی دواکەوتوو نزیکەی(٣،٢٨٣) کەسن. بەلام دانیشتوانەکانی ولاتانی پیشکەوتوو نزیکەی(١،١٣١) ملیۆن کەسە.